**بەڕێزان، ئەندامان، چالاکان و لایەنگرانی جەماعەت**

**السلام علیکم ورحمة الله تعالی وبرکاته**

هەواڵی کۆبوونەوەی برایانەو ئیمانی ئێوە ئازیزان لە بەرزاییەکانی تەتەی هەورامانی هەرمان، بوو بە مایەی دلخۆشی و ئەگەر چی بە هۆی گرفت و مەشغەڵەی زۆرەوە مەودای بەشداری کردنم بۆ نەڕەخسا، بەڵام بە دڵ لە لاتانم.

تەتەو هەموو چیا سەربەرزەکانی کوردستانی شیرین، بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێ، شاهیدی جووڵانەوەو کۆلنەدانی نەبڕاوەوەو بێ پسانەوەی لاوانی تینووی زانستی ئەو مەڵبەندانەن کە بەوپەڕی ئەوین و تامەزرۆییەوە سنووری کەژ و کەل و شیوەکانیان دەبەزاند و بەرەو کانیاوە ڕوونەکانی ئایین و مەعریفەت و خزمەتگوزاری دەکەوتنە ڕێ و هەر یەکەو دەبوونە مەشخەڵێک. شێرکۆ گوتەنی:

من هەر کاتێ...

شاخێکی لووتکە سپی

هەورامان دەبینم

یەکسەر

مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس

دێتە بەرچاوم...

هاوکات هەمان دیمەنەکان، بە دەیان بیرەوەری تاڵ و سوێریشیان لە چەرمەسەری و بێدەرەتانی خەڵکی ئەم سنوورانە تۆمار کردووە کە ئازاد و فەرهادی تراژیدییە دڵتەزێنەکەی زستانی ۹۸ی تەتە یەک لە وانن.

**ئازیزان و هاوڕێیان!**

هەروەک باش ئاگادارن، ئامانجی هاوبەشی ئێمە، تێکۆشانی بێ ڕیایە بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی گشتی ژیانی هاوڵاتیان بە پێی توانامان ـ و هەروەها هەوڵ دانە بۆ کەم کردنەوەی ئازار و ئەزموونە تاڵەکان و ئەوش پێویستی هەیە بە وشیاری گشتیمان و هەروەها لێک تێگەیشتن بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجەکان.


تهـــران

+۹۸-۲۱-۸۸۰۲۳۹۲۷

www.islahweb.org

info@islahweb.org

خوای خاوەنی بوونەوەر بە بەزەیی بێ بڕانەوەی خۆی، برایەتی و تەبایی و یەکڕیزی نێوانمان هەردەم پتەوتر بکات و لە بەزاندنی کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگە یارمەتی هەموومان بدات.

رَبَّنَا آتِنَا فِی الدُّنْیَا حَسَنَةً وَفِی الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّار
آمین یا رب العالمین

عبدالرحمن پیرانی

ئەمینداری گشتی جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح

17ی گەلاوێژی 1402ی هەتاوی

تهـــران
+۹۸-۲۱-۸۸۰۲۳۹۲۷
www.islahweb.org
info@islahweb.org